گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# درککردنی جوانی لە هونەری سیرامیکی هاوچەرخدا

# ((کارەهونەریەکانی دانا سەڵاحەدین بەنموونە))

**گزنگ محمد عبدالواحد**

بەشی شێوەکاری/ سیرامیك, کولێژی هونەرەجوانەکان , زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

Gizigmh@gmail.com

**پ.ی.د. سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی**

بەشی زمانی کوردی, کۆلێژی زمان, زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان ، عێراق

asangar.shekhmohammad@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/١١/١٧

پەسەندکردن:٢٠٢٣/٢/٢٦

بڵاو کردنەوە: بەهاری ٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان:**

*Perception, Aesthetics Contemporar_ y, Ceramic , Art*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.1.4

## پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەیە، بەناونیشانی (درککردنی جوانی لە هونەری سیرامیکی هاوچەرخدا ((کارەهونەریەکانی دانا سەڵاحەدین بەنموونە))، کە هەوڵدانێکە، بۆڕونکردنەوە ودەرخستنی لایەنی درککردنی جوانی لەکارە دروستکراوەکانی هونەرمەند (دانا سەڵاحەدین شەریف)دا. هزری درککردنی جوانی لەکارە هونەری و ئەدەبیەکاندا بایەخێکی زۆری پێدراوە، بۆ زیاتر ئاشنابوون و هەستکردن بەم چەمکاکەنە لەناو کارە هونەرییەکانی هونەرمەندانی کورد، هەوڵ دەدەین وەڵامی چەند پرسیارێك بدەینەوە تایبەت بەم بابەتە وەك: ئایە مرۆڤ دەتوانێت لەرێی درککردنەوە هەست بە جوانی کارە هونەرییەکان بکات؟ئایە کارە هونەریەکانی سیرامیکی هاوچەرخ درککردنی جوانی نیشاندەدەن؟

بێگومان لایەنی درککردن و جوانی رۆڵێکی گەورە دەبینی لەپێشخستنی کارە هونەرییەکان بەتایبەتی هونەری سیرامیك، بەشیك لە هونەرمەندان لە رێگای درککردن بە شتەکانی دەوروبەری خۆیان توانیوانە بەکارە هونەرییەکان

گوزارشتی لێوەبکەن. ئەمەش بوو بە پاڵنەرێك بۆ پیشکەشکردنی کاری جوان و گەورە لە ژیانی هونەرییاندا.

توێژینەوەکە پۆلێن کراوە بۆ چواربەش پێك دیت لەمانە، بەشی یەکەم باس لە چیوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە دەکات تەرخان کراوە بۆ یەکەم: کێشەی توێژینەوە ، دووەم: کرینگی توێژینەوە، سیهەم: ئامانجی توێژینەوە، چوارەم: سنووری توێژینەوە، پێنجەم: رێبازی تویژینەوە، شەشەم: پێناسەی زاراوەکان.

بەشی دووەم تایبەتە بە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە، ئەم توێژینەوە، ئەم بەشە چوار تەوەر لەخۆی دەگرێت، یەکەم: بابەتی پەیوەندیی درککردن لە نێوان هەستەکان و ئەقڵدا ، دووەم: پەیوەندی نێوان درککردن و جوانی، سێهەم: جوانی لە نێوان خودگەرایی و بابەتگەرییدا، چوارەم: تایبەتمەندیی تێگەیشتنی تەکنیکی جوانی لە هونەری سیرامیکدا،

بەشی سێیەمی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە: (شیکردنەوەی بژاردەکان)، بەشی چوارەم تایبەتە بە ئەنجام و دەرئەنجامی و سەرچاوەکان .

کلیلی ووشەکان: درککردن، جوانی، هونەر، هاوچەرخ، سیرامیك

## پێشەکی: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە:

### یەکەم: ئاریشەی توێژینەوە:

چەمکی درککردن و جوانی بابەتێکی گرنگی فەلسەفەی هونەرییە، چەمکی درککردن لایەنی سایکۆلۆجی و دەروونی هونەرمەند دەخاتە روو، چونکە لە رێگای هەست و ئەقلەوە بڕیاردەدات و کاری هونەری بەرهەم دەهێنیت، هەروەها چەمکی جوانی بە بناغەیێکی گرینگی شاکارە هونەرییەکان دادەندرێت بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کەسانی بەرامبەر و هونەر دۆستان، هونەری سیرامیك لە باشووری کوردستاندا وەك هەربەشێك لە ناوچەکانی جیهاندا، بێ بەش نەبووە لە کاریگەریی گۆڕانکاریی مێژوویی و ئایدیایی و مۆدێرن کە بەسەر تەواویی جیهاندا هاتووە، ئەمەش وایکردووە

بە تەواویی هونەر بکەوێتە ژێر کاریگەریی بزاڤی مۆدێرنە و گۆڕانکاریی فراوان کە لە هونەری شێوەکاریی بە گشتی و هونەری سیرامیك بە تایبەتی دروستبووە و لێکەوتەکەشی چەندین کاری هونەری جوان بووە لە هونەری سیرامیکدا.

پرسیاری توێژینەوە:

1_ ئایە مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێی درککردنەوە هەست بە جوانی کارە هونەرییەکان بکات؟

2_ ئایە کارە هونەریەکانی سیرامیکی هاوچەرخ درککردنی جوانی نیشاندەدەن؟

**دووەم: گرنگی توێژینەوە:**

ئەم تویێژینەوەیە درککردنی جوانی لە هونەری هاوچەرخی سیرامیك روون دەکاتەوە، دەتوانین گرینگی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە لە سێ رەهەندەوە بخەینەڕوو:

١_ پێشتر بە زمانی کوردی زۆر بەکەمی کار لەبارەی درککردنی جوانی لە هونەری سیرامیکدا کراوە.

٢- درککردنی جوانی پرسێکی فەلسەفی گرنگە و ئاوێتەکردنی لەگەڵ هونەر دەروازەیەکی دیکەی لێکۆڵینەوەمان بۆ دەکاتەوە لەبارەی هونەر بە گشتی و هونەری سیرامیک بە تایبەتی.

3_ هەوڵێکی زانستییە بۆ دەرخستنی کاریگەری هەر دوو چەمکی درککردن و جوانی لەسەر کارە هونەرییەکانی هونەرمەندی کورد.

**سێهەم: ئامانجی توێژینەوە:**

وورد بوونەوەو بەدواداچۆن و شیکردنەوەو ئاشکراکردنی خەسڵەت و بنەماکانی درککردنی جوانی لە ناوەرۆکی هونەری سیرامیکی کوردیدا لە لەکارەکانی هونەرمەند (دانا سەڵاحەدین شەریف).

**چوارەم: سنووری توێژینەوە:**

1. سنووری بابەتی: درککردنی جوانی لە هونەری سیرامیکی هاوچەرخدا ((کارەهونەریەکانی دانا سەڵاحەدین بەنموونە)).

2. سنووری شوێن: هەرێمی کوردستان
3. سنووری کات: ساڵی(2017_ 2019)ز.

**پێنجەم: رێبازی توێژینەوە:**

لە توێژینەوەدا کار لەسەر رێبازی (جۆری) کراوە، بە رێگای (شیکردنەوە) بۆ وێنەکان.

ئامرازەکانی توێژینەوە:

1-کتێب و بڵاوکراوەکان.

**شەشەم: پێناسەی زاراوەکان:**

(درککردن، جوانی، سیرامیك)

**1_ درککردن:**

درککردن لە ڕووی زمانەوانییەوە: (صلیبا) دەڵێت: درککردن لە زماندا بریتییە لە گەیشتن، دەڵێن کە درککرا شتەکە کاتەکەی تێپەڕاندووە و تەواوبووە، درککرا بەروبوومەکە پێگەیشتووە، درککرا کە کوڕەکە پێگەیشتووە. درك بە بەهای شتەکە کرا، درك بە زانستی بابەتەکە کرا، ئەو درکی بەو شتە کرد کە بە چاوی خۆی بینی. ئەوەشی کە شتێکی بینی و بوارەکانی و کۆتاییەکەی بینی پێی دەڵێن کە درکی کردووە، ڕاستدەکرێتەوە بەوە: یارم بینی و بیناییم درکی پێنەکرد، بەو واتایەی کە درککردن تایبەتترە لە بینین. (صلیبا،1982 :53).

درککردن لە ڕووی دەستەواژەوە: بەوە دەناسرێت کە کردەیەکی مەعریفییە ڕێ بە گەیشتن بە واتا و نیشانەی شتەکان و کەسەکان و هەڵوێستەکان دەدات کە تاك ڕەفتاری لەگەڵ دەکات لە ڕێگای ڕێکخستنی ورياکەرەوە هەستەکییە پەیوەستەکان پێیەوە. هەروەها لێکدانەوە و بونیادنانەوەی گشتگیرەکان لە واتادا. (حافیز، 1998: 24).

درککردن لە ڕووی جێبەجێکردنەوە: درککردن بریتییە لە بنەمای هەموو زانیارییەکی هەستی کە ئەویش سیفەتێکی مرۆڤانییە، هەموو درکپێکردنە هەستییەکان ڕاستگۆن بەبێ جیاوازی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2_ جوانی:**

جوانی لە ڕووی زاراوەوە: جوانی هەر شتێکی مادی یان نا مادییە، کە لە ناخماندا هەست بە چێژی خۆشی و ئاسودەیی بوروژێنێت و هاوکات سەرسامنمان بکات و بەرەو بیرکردنەوە بمانخرۆشێنێت. (بۆکانی، 2020 :129).

دەربڕین(جوانی)دەستەواژەیی: زانیستیکە لەشعور و هەست و چێژەکان دەکوڵێتەوە، کە دیمەنی شتە جوانەکان دەیانێرن.(راپوپرت، 2005: 35).

جوانی لە ڕووی جێبەجێکردنەوە: جوانی بریتییە لە یەکەیی پەیوەندیی شێوەکان لە نیوان ئەو شتانەی کەلە ڕێگایی هەستەکانەوە درکی پێدەکرێت.جوانی بە بیستن و بینین دەردەکەوێت، هەروەها بە لۆژیك و ڕێکخراوی ووشە دەدەبڕێت.

**3_سیرامیك:**

سیرامیك لە ڕووی زمانەوانییەوە: ئەوەی لە قوڕ دروست دەکرێت و شێوەیەکی پێ دەدرێت و لە پلەیەکی گەرمیی تایبەتدا سووردەکرێتەوە، تا چێنیکی سفتمان دەستبکەوێ (ابو غازی،1980 :94).

سیرامیك لە ڕووی دەستەواژەوە: هونەری سیرامیك بە هونەری تەکنیك دەناسرێت، بەردەوام هەوڵی نوێی کارکردن و بەدەستهێنانی شێواز و دەربڕینی جیاجیا بەرهەم دەهێنرێت، بێگومان ڕەنگدانەوەی لەسەر فۆرم و زمانی دەربڕین دەبێت (واتکینس، 2018 :7).

سیرامیك لە ڕووی جێبەجێکردنەوە: هونەری سیرامیك برتییە لە قوڕێکی سورکراوەی داپۆشراو بە شووشە، هونەری سیرامیك ئاماژەیەکی چێژبەخش و هێورکەرەوەی مرۆڤە لە گشت لاینەکاندا.

## بەشی دووەم: چوارچیوەی تیۆری تویژینەوە:

### یەکەم: پەیوەندیی درککردن لە نێوان هەستەکان و ئەقڵدا :

کە گۆڕانێك چ لە ژینگەی دەرەوە یان ناوەوەمان ڕوودەدات، هەستی پێ دەکەین، بەڵام ئەم هەست کردنە خۆی لە خۆیدا هیچ سوودێکی نییە، ئەگەر توانای ئەوەمان نەبێت لێکیبدەینەوە، بۆیە هەموو فەیلەسوفێك هەوڵ دەدات درك بە جیهانی دەوروبەری بکات و بە پێی تیۆر و گریمانە و

زانیارییەکانی لەبارەی بوون وێناکردنێك دابنێت، ژمارەیەك تیۆر بۆ درککردن لەلایەن ئەو فەیلەسووفانە دانراون کە بەدوای کێشەی درککردندا گەڕاون.

مرۆڤ لە عەقڵیدا دوو جۆرە درککردنی هەیە، ئەوانیش درککردنی هەستەکی و درککردنی عەقڵیین. لە فەلسەفەدا درککردنی عەقڵی گوزارشت لەژمارەیەك ڕێکار دەکات کە بۆ تێگەیشتن لە تەواوی ئەو هۆکارانەی ڕووبەڕوویان دەبنەوە بەکاردێن و تەواوی هۆکار و کارتێکەرەکانی کە دەورەدراوە و کاریگەری لەسەر تەرکیزی کەسەکە هەیە و لەوانەیە لێکی هەڵوەشێنێتەوە، لە دواییدا درککردنی عەقڵی چۆنییەتی لێکدانەوەی کەسەکەیە بۆ هۆکارەکان و شتەکان.

"لە بواری دەروونناسیدا، ئیدراک پرۆسەیەکی زەیینییە کە لەو ڕێگەوە ئەزموونە هەستییەکان واتادار دەبن و مرۆڤ لە پێوەندییەکانی نێوان کردەوەکان و واتای شتەکان تێدەگات" (ایرونی و خداپناهی ،25:1379)، کەواتە درککردن بە ڕێگایەک لێکۆڵینەوە دەکات کە لە بایۆلۆژییەوە بەرەو چارەسەری دەروونی دەچێت، تەنانەت ڕێگا پەتییەکانیش وەک ئەزموونە فیکرییەکان بوون بۆ فەلسەفەی عەقڵ. "درککردن کە قۆناغی دووەمی ئاگاییە لە دیالەکتیکی هێگڵ دا، درککردن، وەرگرتن و ئەزموونی ئەوەیە ئامادە و حازرە لە نێو جیهاندا، ئەوەشی کە ئامادەیە و لە نێو جیهاندایە هەوڵی نواندنەوە و پیشاندانە لە دەرەوەدا، نواندنەوەی نێگەتیڤی ناوەوەیە، یان ڕەقبوونی ناوەوەیە. ئەم خۆنمایشکردن و خۆفڕێدانە دەرەوەیە ناتوانێت لەم ساتەدا یۆنێڤێرساڵیتە و ئەبستراکتێتەی خۆی بخاتە دەرەوە، بەڵکو بە تەواوی پێچەوانەکەی دەردەخات و خۆی نەفی دەکاتەوە، وەك لە جیاتی ئەوەی رۆح ڕۆحێتی خۆی پیشانبدات کەچی شکست دەهێنیت و ئیسقان لە دایك دەبێت، کە پێچەوانە و نەفییەکەیەتی" (عەزیز،2016:73_74)، ئەمە هەنگاونانە لە ئەبستراکتەوە بۆ کۆنکریت، لە یەقینی هەستەکییەوە بۆ ئۆبێکتەکان. واتا لەلای هێگڵ ڕۆح بابەتی یەقینی هەستەکییە، کە دەشمانەوەی بیگرین و ئەزموونی بکەین، شکست دەهێنێت و دەبێتە بابەتی درککردن. "ڕێبازی هەستەکی وایدەبینێت کە درککردنی مرۆڤ بە شتەکان دەوەستێتە سەر ئەزموون و هەستکردن، نەك تەنیا لەسەر عەقڵ و درککردنی پەتی، ستۆیکەکان(الرواقیون)، زوو بەرەو ئەو پێوانەیەی زانین چوون کە حەقیقەت ئەو فیکرانە نییە کە خۆمان بە زەینی خۆمان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دروستمان کردوون و پێکمان هێناون، بەڵکو دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەرچاوەیەی کە بیرکردنەوە ڕووتەکانمان لێی وەرگرتووە، لەبەرئەوەی هەمان ئەو منداڵەی ستۆیکەکان بۆ جۆرەکانی دیکەی زانینی پێشوەختە یان زگماك نابێت، چونکە هێواش هێواش بە پێی ئەزموونی هەستەکیی خۆی زانین بەدەست دێنێت. وەك ئەوەی فەیلەسووف لۆك وایدەبینێ کە مرۆڤ ناگات بە هیچ شتێکی پەتی بەبێ تێپەڕین بە شتی بەرجەستە، کاتێك دەڵێت: ''هیچ شتێکی نوێ لە عەقڵدا نییە، ئەگەر پێشتر لە هەستەکاندا نەبووبێت''، چونکە ئەوەی هەستەکانی لەدەستدا، ئەوا پەیوەستەکانیش بە هەستەکانەوە لەدەست دەدات'' (Locke ,2001:c1 p291_292)، کەواتە لێرەدا هیوم لەگەڵ لۆکدا ڕێکدەکەوێ بۆ گەڕاندنەوەی درککردن بۆ هەستەکان، ئەگەر چەمکەکان لە ڕووبەرێك لە سروشتە هەستەکییەکان کە ئەنجامی کاریگەریی ئەندامەکانی جەستەن بەرامبەر شتەکان گەمارۆدران.

بەپێی تیۆری گێشتالت: ''ئێمە لە دایك دەبین لەگەڵ توانای درککردنە بنەڕەتییەکان و بە هۆکارەکانی ڕێکخستنی درککردن لە بواری بینین'' (الكناني،1998: 74)، کەواتە دەتوانین بڵێین وریابوونەوەی یەکێک لە ئەندامەکانی هەستە و ئەمەش دەبێتە هۆشیاریەکی هەستەکی. ئایە هەموو درککردنەکی هەستەکی بەرەو ڕاستیت دەبات، یان توشی هەڵەتدەکات؟ ''بۆ بەدیهێنانی زانینێکی پەتی، زۆرینەی جاران زانینی هەستەکی هەڵە دەردەچێت، یان خۆی لە خۆیدا بەس نییە و کەموکوورە، چونکە کەموکوڕی لە گەواهیدانی هەستەکان دەمانبات بۆ ئەنجامی ناتەواو، بەهای هەستەکانیش ون دەبێت کاتێك چالاکییە عەقڵیەکانمان وریادەکاتەوە و دەیانوروژێنێ، بۆ ئەوەی بە ڕێگایەکی ناڕاستەوخۆ بگەین بە زانینی پەتی کە زانینێکی ڕاستەقینەیە. وەك ئەوەی فەیلەسووفی فەرەنسی "دیکارت" بۆ نکۆڵی نەکردنی تەواوەتی درککردن چوو بوو، بەڵام هاوکارییەکانی بۆ بەراوردکردنی زانین و درککردنی پەتیی درووستبوو لەسەر ئەساسی عەقڵ کەمکردەوە. بۆیە دیکارت دەڵێت: "عەقڵ دادپەروەرانەترین شتە کە بەسەر خەڵکدا دابەش کرابێ، لەبەرئەوەی هەموو تاکێك باوەڕی وایە کە ئەو بەشی خۆی هەیە، تەنانەت ئەوانەش کە بە قورسی بە هەر شتێك ڕازی دەبن نەریتیان نییە کە زیاتر لەوەیان بوێ کە هەیانە". هەروەها گووتیشی: ''من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم''.(دیکارت،1991:3_44)، کەواتە لە کۆتاییدا ئیدراکی هەستی" قۆناخێک سەرتر لە هەستە،

پرۆسەیەکی زەیینیە کە لەو رێگەدا ئەزموونی هەستەکان واتادار دەبن و مرۆڤ لە شتەکان و پێوەندییەکانیان تێ دەگەن.

بە پێی وتەکەی دیکارت دەتوانین بڵێین: ''عەقڵ یان ژیر ئەو کەرەسە خاوەی لە لایەن هەستەکانەوە هاتووە رێکوپێك دەکات و مشتومالی دەکات ئەویش بە هۆی ئەوەی لەنێو چەند چوارچێوەیەکدا کە بە چەمك ناو دەبرێن دایان دەرێژێ. گرینگترین ئەم چەمکانەش بریتین لە (کات و شوێن)'' (عەزیز، 2014: 126)، کەواتە درککردنی عەقلی چەمکێکە بەو کردە عەقڵییانە دەگوترێت کە تێیاندا زانین و تێگەیشتن بەرهەم دێت، کردەی درککردن لە مێشکدا یەکێکە لە کردە ئاست بەرزەکان کە بە کۆمەڵێك کردەی وەك زانین و بیرکردنەوە و حوکمدان و بیرهاتنەوە و چارەسەری کێشە جیاوازەکان جیا دەکرێتەوە. ''دوای ئیدراکی هەستی، عەقڵ هێزیکی ئاڵوگۆڕە بەسەر بەڵگەکانی هەستیدا، بۆیە لە سەرەتای ئیدراک هەستەکان پێویستن، بەڵام بەو شێوە نییە کە لە تەوای رێگاکە ئەم رەوتە بەردەوام بێ، بەڵکو درککردن پرۆسەیەکە کە لە ژێر سێبەری هاوکاری هەست، خەیاڵ و عەقڵ دەردەکەوێ و ئەم هێزانە هەموویان لەژێر ئەمری نەفسی مرۆڤ دان. لەسەر بنەمای ''حیکمەتی باڵا''ی هێزەکانی هەستی و عەقڵ کەرەستەیەکن کە نەفس بە هۆی ئەوانەوە دەتوانێ ''وێنەی نموونەیی'' و بەرزی شتەکان لە ''نموونە''ی بچووکتر، خۆی هەنارده بکات، بەڵام نەفس چاوگی ''وێنەی نموونەیی''یە، نەک شوێنێک بۆ دابەزین و جێگربوونی ئەوان و ''قیام صدور''ی هەیە نەک دابەزین(شیرازی، ١٩٨0: 365). بەو پێیەی کە لەهەر دونیایەک دەبێ لە کەرەستەی گونجاو لەگەڵ ئەو دونیایە کەڵک وەربگیرێ، لە دونیای ''نموونەیی'' لە کەرەستەی دڵ بۆ بەدەستهێنانی زانین کەڵک وەردەگیرێ.

ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لەسەر درککردنی عەقڵی هەیە:''

1. ئەزموون
2. بنەما و کلتوور و ژینگە
3. مەزەندەکردن و ئارەزوو
4. تێگەیشتنی خوود
5. چەسپاندنی درککردن

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

6. پاڵنەرەکان

درککاریی دەرەنجامی پەروەردە کردنێکی دوورودرێژە کە تیایدا ئەزموون لەگەڵ ئەعڵ و کومەڵگەی تاکدا بەشداری تیادا دەکات، درککردنی شتە کردارییەکان لەگەڵ سەرەتای ژیانمان دەستپێدەکات لەگەڵ کۆتاییی ژیانمان کۆتایی دێت" (شەکشەك،2012: 18_19)، واتە هێزی عەقڵ لە تەواوی قۆناغەکانی ئیدراک دەوری چالاکی هەیە کە یەکخستنی فرەیی و زیادکردنی تاکێتییە. گشت قۆناخەکانی ئیدراک بە شێوەیەک هۆکاری یەکخستنی فرەیین و هیچ ئیدراکێک بێ کردەی یەکخستن ڕوو نادات و ئەم پرسە گرنگترین پرسی ئیدراک و زانست و ناسینە. درککردنی عەقڵ لە کەرەستە گرنگەکانی ناسینە کە جۆری مرۆڤە. هێزێک کە توانایی لە ئیدراکی گشتییەکان و بەڵگەهێنانەوە هەیە و بەرزتر لە هێزی هەست و خەیاڵە. نەفسی مرۆڤ بە کەڵک وەرگرتن لەم هێزە لە دونیای عەقڵدا بە زانستەکان و زانینی راستییەکان دەگات.

**دووەم: پەیوەندی نێوان درککردن و جوانی :**

درککردنی جوانی بە ئەندازەی ئەوەی کە هەست بێت نامۆییە، درککردن بە جوانی کە خوودی درکەر بە کاری هونەری پێی دەگات، وای لێدەکات ون ببێ لەو واتایەیدا کە تەواوکراوە، چونکە درك بەوە دەکات کە ئەو تەنیا ئامرازێکە بۆ تەواوکردن، زیاتر نا، لەبەرئەوەی کارەکە پێویستی بە منە بە ئەندازەی ئەوەی کە پێداویستییەکانی جێبەجێ دەکەم.

"جوانی لە سروشتدا درکی پێدەکرێت، وەك چۆن لە هونەردا درکی پێدەکرێت، بەڵام درککردنی سروشتیی بە جوانی بۆ مرۆڤ پێویستیی بە ڕاهێنانێکی تایبەت نییە و درککردنێکی ڕاستەخۆیە وەك هەر درککردنێکی ئاسایی دیکە بۆ شتەکان و هەبووەکان (الموجودات)، بەڵام حەقیقەتی ئەو شتانە و ئەو هەبووانە بە ڕوونی لە زانستی سروشت و فیزیادا دەردەکەوێت، بۆیە لە ڕێگای هونەرەوە ڕاهێنان بە هەستەکانی مرۆڤ دەکرێت بۆ هەستکردن بە جوانی، وەك چۆن بە زانست ڕاهێنانی پێدەکرێت بۆ هەستکردن بە واقیع" (مطر،2013: 12)، کەواتە ئەوەش هەڵبژاردنە کە سروشتی هونەری بە کارەکە دەدات، چونکە هونەرمەند بۆ کارەکەی واز لە جیهانەکەی دەهێنێت، لە

پێناو بنیاتنانی یان دووبارە بنیاتنانەوەی کارە هونەرییەکەی و لەوەشەوە نامۆییەکەی دەست پێدەکات.

بێگومان "هەڵوێستی جوانی جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەر بابەتێکی هۆشیاری ڕەها دەکرێ لە ڕووی جوانییەوە درکی پێ بکرێت" (ستولنیتز ،2007: 94). بە پێ هەستەکان دەتوانین درك بە جوانی بکەین، خۆی لە خۆیدا جوانی دەرحەق بە دەنگەکان، ڕەنگەکان و دەستلێدان و هەر شتێکی هاوشێوە لە بابەتی درککردنە، ئەمەش بۆ خۆی دەتوانێ ببێتە بابەتی جوانی.

**سێهەم: جوانی لە نێوان خودگەرایی و بابەتگەرییدا :**

بەهای جوانیی لە چەند چەمکێکی تیۆریدا دەردەکەوێت، هەریەك لەو چەمکانە کاریگەری خۆیان دەسەپێنن، کە بریتین لە خودگەرایی و بابەتگەرایی، بۆیە لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەو چەمکانەوە بەهای جوانی ڕوون دەکەینەوە، چونکە ئەم چەمکانە بۆ دەرخستن و ناساندنی بەهای جوانی پێوەرن. بێگومان فەلسەفەی جوانی لقێکە لە فەلسەفە، بەشێکە لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی و پلەو پایەی شیاوی خۆی لە چوارچێوەی کولتوور و شارستانی مرۆڤدا هەیە، بۆیە سەیر نەبووە کە شان بە شانی زانست و ئایین بە ڕەهەندی سێیەمی تێگەیشتنی نهێنییەکانی مرۆڤ دانرابێ.
"چەمکی جوانی ئامانجێك نییە کە لە فەلسەفەی ئەمڕۆدا بێتە گۆڕێ و لە نێو فەیلەسوفانی سەردەمی ئێمەشدا کەسێك پرسیاری((جوانی چییە؟)) ناهێنێتە پێشەوە، بۆیە ئەمە پرسیارێکە کە چیدی تەنیا پەیوەندیی بە مێژووی جوانیناسییەوە نییە. ئەمڕۆکە ناتوانی پێناسەیەکی بنەتایی و لێبڕاو لە جوانی بێنیتە ئاراوە. ئێمە ئیدی نە ئەگەری وڵامی تاقانەی ئەم پرسیارە سادەیەی سوقراتمان هەیە، نە تەنانەت بە شێوەیەکی بێ ئاگایانە وەدوای وەها وەڵامدانەوەیەك دەکەوین" (Jean,1986: 3)، واتە بۆ گەیشتن بە وەڵامی ((جوانی چییە ؟)) درککردنی ئەم خاڵە کە بۆچی ئەم پرسیارە بی وەڵامە، ڕەنگە خراپ نەبێ کە لە وەڵامە سەرەکییەکانی فەیلەسووفانی رابردوو بۆ پرسیاری (جوانی چیە؟) وردبینەوە، بیگومان بەسەرنجدان لە جیاوازی نێوان بەرسڤگەلی فەیلەسووفانی ڕۆژگاری دیرێن لە تەك جوانیناسانی کلاسیك ڕەنگە بتوانین پەی بە خاڵگەلێك لەم ئالنگاریەکانی جوانیناسانی ئەمڕۆ بەرین.

سۆقرات بۆ پێناسەی جوانی، دەڵێت: ''جوانی ئاوەڵناوێکە بۆ کردارێکی داڕێژراوی چاك، لە خۆ بردوو، بۆ نموونە ئازایەتی جەنگاوەر و خۆبەختکردن لە پێناوی نیشتیماندا، دەبێتە کارێکی جوان، چونکە سروشتی جوانی لای سۆقرات چاکەیە'' (مطر،2019: 30_31)، واتە جوانی لای سۆقرات ڕەنگدانەوەی چاکەیە، چونکە سۆقرات بە دوای جەوهەری جوانی دەگەڕێت، واتە گرینگی داوە بە جوانی دەروون.

''کانت لە کتێبێ ( ڕەخنەی شای حوکمە) کە لە ساڵی 1790دا هەموو تیۆرەکانی پێشووی خۆی تێپەڕاند و تیۆرییەکی ڕەخنەی پێگەیشتووتر و گشتگیرتری بۆ جوانی دانا، تیۆری پلاتۆنیشی ڕەتکردەوە. کانت جوانیناسی بە واتای حوکمێکی خەملێنراوی تایبەت بە جوانی لێکدایەوە، جوانی واتە: ئەو شتەی کە بنەمادیاریکراوەکەی ناشێت لە بنەمای خودگەرایی بەولاوە زیاتربێت. هەموو پەیوەندیەکی نواندن، تەنانەت پەیوەندی هەستیش، دەشێت بابەتگەرایی بێت'' (بدوي ،2020: 427)، کەواتە کانت بۆ حوکمی جوانی دووپاتی کردەوەی بەوەی حوکمی پێشبینییە و سەر بە خودگەرایەیی. هەروەها مارکس: ''جوانی لە ماتریالیزمی ئابورییدا کۆکردووەتەوە کە لە ڕووی ناوەرۆکەوە بنچینەیە بۆ جوانی، چونکە ئەم گرێیە بوونێکی بابەتییە نەك خودی'' (بالاشوف، 1968: 48)، واتە مارکس جوانی لە ماتریالیزمی ئابووری کۆ کردووەتەوە، بەڵام هەندیك لە دانا و فەیلەسوفان کاتێك ویستوویانە لە بارەی جوانییەوە بدوێن، یان هەڵوەستەی لەسەر بکەن، ناچار پەنایان بۆ هونەر بردووە، بەمەش مشتەکی تریان خستووەتە سەر خەرمانی فەلسەفەی جوانی لە نێوان خودگەرایی و بابەتگەراییدا. بۆ سەلماندی ئەم قسەیەمان هیگڵ بە نموونە دەهێنینەوە، چونکە ''ئەم جوانی بەستەوە بە ئایدیا یان ڕاستی ڕەها لە ئایین و فەلسەفەی نزیك کردەوە. بەو پێیەی هونەریش سەر بە جیهانی ڕوحی ڕەهایە، پێیوایە جوانی لە سروشت نییە، بەڵکو لە کارە هونەرییەکاندایە، لە داهێنانەکانی مرۆڤدایە، چونکە مرۆڤ خاوەنی ڕۆحە و جوانییش سەر بەو دنیا ڕەنگینەیە، بەوەی ئافەریدەی هۆشیارییە و بەرهەمی ئازادیی تاکە هۆشیارەکانە، کەواتە هیگڵ جوانی وابەستەی خودگەرایی دەکات'' (قوباد :2019:41). لای هیگڵ جەوهەری هونەر تەنها ئایدیایە و بریتییە لە پۆشینێکی وێنەی ئایدیا، کەچی سانتایانا پێچەوانەی هیگڵ بیردەکاتەوە، جوانی لای ئەو ''بریتییە لەو چێژەی لە ڕێی بابەتگەرایی و مادییەوە پێی دەگەین، ڕێکەوتنی نێوان

دەروون و سروشتە، لەهەمان کاتدا ئەو ڕێککەوتنەش کردارێکی عەقڵی هەستییە. هەروەها جوانی بەهایەکە لەبارەی خۆیەتی لە نێو خۆیدا، پێویستی بە ئامانجەکانی دەرەوەی خۆی نییە" (سانتیانا ،2001: 89)، واتە سانتایانا گرینگی زۆری بە جوانی داوە، چونکە چێژی ڕاستەقینە دەبەخشێت و دەمانباتە دنیایەکی ئازاد و بەرفراوان و چێژیی تەواو.بەڵام هایدگر قسەیەکی ترو ئایداییەکی تری هەییە بۆ جوانی بەم شێوەییە گوزارشتی لیوەدەکات، دەڵێت: ''سەرەتای دروست بوونی هونەر جوانیە،کە دەقی هونەر دەکاتە جوانیەکی زیادکراو لەسەر سروشت،لەبەر ئەوەی نایابی نیوان دروستبونی( ئیلاهی و سروشت و خود)کە دروستبونی جوانی هونەرە''(البهنسي،2004: 16).

لە کۆتاییدا گەیشتین بەوەی تەواوی بۆچوونە فەلسەفییەکان لەبارەی چەمکی جوانی لەبەرەی جیهانی ماتریالی و ئایدیالی، یاخود لێکدانەوەکان دابەشبوونە بۆ هەردوو تێرمی خودگەرایی و بابەتگەرایی. ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە مرۆڤ ناتوانێت لە سنووری هەستکردن بە بوونی ناوەوەی خۆی و بوونی دەرەوەی خۆی پتر بڕوات، هەربۆیە لەمیانەی ئەم شیکردنەوەیەدا بۆمان ڕوونبووەوە بیرمەندەکان لە شیکردنەوەی چەمکی جوانیدا تیۆری خۆیان لەسەر پایەی سوبێکت یان ئۆبێکت بونیاد دەنێن.

**چوارەم: تایبەتمەندیی تەکنیکی جوانی لە هونەریی هاوچەرخی سیرامیکدا:**

هەر لە بەرایی دروستبوونی ئەم بوونەوەرە هەستیارەوە(مرۆڤ)، هەست و چێژ و پەی بە جوانی براوە، جا بە ڕێژەیەکی کەم بێت یان زۆر، ئەوا قۆناغ بە قۆناغ تێڕوانینەکان بەرامبەر بە جوانی گەشەی کردووە و هەمیشە هەوڵ دراوە جوان لە ناجوان جیا بکرێتەوە. لە ئەنجامدا توانرا سکێچێکی گشتیی بۆ بکێشرێت و زیاتری لە بارەوە بگوترێت و بکرێت بەلقێك لە نێو لقە فەلسەفییەکان و بە شێوازی جیا جیا شیکردنەوە و لێکدانەوەی چڕی بۆ بکرێت، چونکە هونەر هێلی سەرەکیی جوانییە و بە نمرەیەك ئەم بوارە زۆرترین جوانی لە ئامێز دەگرێت و لەم ڕێگەیەوە دەتوانێ بە جوانیی ڕاستەقینە بگەیت، جوانی ڕاستەقیینە لە نێو کارە هونەرییەکانە.
بیگۆمان گەر پێناسێەکی هونەری هاوچەرخ بەگشتی بکەین، بوتەر بەم شێوە پیناسەی دەکات، ''هونەری هاوچەرخ: ئەو هونەرەیە کە بە هەموو گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووری و

زانستییەکان بە بەسترانەوەیەکی زەمەنیی توندوتۆڵ دەبەسترێتەوە و ئەو هونەرە گشتگیرەیە کە بە پیشە فکرییەکەیی وفەلسەفییەکەی لەبارەی هەموو گۆڕانکارییەکانی پەیوەست بە ناسنامەی کلتووری و کۆمەڵەی هونەرە هاوچەرخەکان زۆرینەی داتا جیاوازەکان بەیەکەوە کۆدەکاتەوە'' (Butier,2002:p3).کەواتە هونەری هاوچەرخ بریتییە لە پرسی ئایدیا و فۆرم، بەکارهینانی کۆمەڵێك لە بیرۆکەی فەلسەفییەکان نەك هەر پیشتگیری جوانی دەکەن بەڵکو دەبیتە هۆی شیکردنەوەی دوخی کلتووری. گومانی تێدانییە کە سیرامیکی هاوچەرخ بەشیکە لە هونەری هاوچەرخ بۆییە دەتوانین بڵێن ئەمەیش پیناسەی تایبەت بەخودی خۆی هەیە، گلێنەسازی هاوچەرخ نفل بەم شێوازە پێناسەی دەکات دەڵێت:''هەموو داهێنانکارییەك پشت دەبەستێتە سەر ماددەیەکی خاوی(قۆڕی سووتێنراو)، دوای مامەڵەکردن بە ئەکسیدە رەنگاو ڕەنگەکان بۆ مەبەستەکانی(سوود، جوانی و پیشاندان)، لە کاتێکدا دەبینین چەمکی هاوچەرخ: قۆناغێکی دواتری مۆدێرنێتە (نوێخوازی) دەنوێنێ، کە داهێنانکارییە هونەرییەکان تێیدا لەگەڵ خودە وەگرەکان لە ماوەی کات نەك شوێن نوێ دەبنەوە''(نفل،2012:ص32).

هونەری خەزەف "گوزارشتە لە جوانی و تایبەتمەندیی شارستانیەتەکان، هەر لە کۆنەوە هونەرمەندەکان هەوڵی نوێکاری و تەکنیکی تازە و جوانکاریانداوە، لە خەزەفدا بیسەلمێنن هێزیان هەیە لە دەربڕینی کەرستەی سروشت بۆلایەنی جوانکاری رۆحیدا" (السيد،ب.ت : 19). بەو پێیە بێت هونەرمەندانی سیرامیك ئەم کارەیان بۆ لایەنی جوانی بەکارهێناوە، گەر سەیر بکەین لە گشت شارستانیەتیەکان ئەمە جێبەجێکراوە، هەم بۆ لایەنی روحی هەم بۆ لایەنی ڕازاندنەوەی ماڵیان بەکاریانهێناوە، بەتایبەتی خێزانە دەوڵەمەندەکان. "یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی خەزەف بوونی وێنە و نەخشونیگارە لەگەڵ جورێ شوشکردن و شوشەی رەنگی رەش لە ژێر شوشەی ڕووندا، بەناوبانگترین و جوانترین خەزەف رەنگی (شین، رەش، سپی) ئەمانە زۆر تایبەتن وەك تەکنیکی راکو" نموونە وێنەی(1_2)، (القليسي،2001 : 143).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنەی (1) ڕاکۆ



وێنەی (2) ڕاکۆ

''لە سەرەتاکانی سەدەی(20)دا زۆربەی کارە خەزەفیەکان بەشێك بوون لە جوانکاری، بێگومان باس لە خەزەف بکرێت، دەبێت باس لە خەزەفی چین و یابانی بکرێت وەك وێنەی (3_4) کە ئەمانە سەرچاوەی پەیدابوونی خەزەفی کۆن و نوێن، خەزەف وەك جوانکاری نێو کوشکەکان و پەرستگاکان بەکاردەهات، بەڵام دواتر لەسەردەمی نوێدا وایان کرد کەمتر پارەی تێبچێت، لەسەر دارنەخشەکانیان دەکرد دواتر تەبعیی سەر قوڕەکەیان دەکرد رەنگی زیاتر و مادەی جوانتریان بەکارهێنا بۆ هۆی ئەوەی ئەوروپیەکان لاسایی کارەکەیان بکەنەوە، شێوازەکە بیگۆڕین بۆ ئەوروپی ئەمریکی'' (رالف لنتون،2001: 329). بەو واتایە بێت هونەری خەزەف یان سیرامیك، قوتابخانە نایابەکەی لە وڵاتانی ئاسیایە بە تایبەتی چین و ژاپۆن کە ئەوروپییەکان پێی سەرسام بووینە، بە تەکنیکی خۆیان لاسایان کردوونەتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنەی (3) سیرامیکی یابانی



وێنەی (4) سیرامیکی چینی

هونەری خەزەف "لە رووی شێواز و تایبەتمەندی و روانگەوە گرینگی زۆر دەدات بە لایەنی پێشکەوتنی تەکنیکی کارەکە لە رووی جوانی و دەربڕینی وداهێنیانکاریدا بۆ دەرخستنی بەشێوەیەکی هۆنراوەی ریکدەخریت لە سەرەوی جوانی بۆ نیشاندانی نایابی کارەکە" (صاحب،75:2006). تایبەتمەندییە هونەرییەکان بە پێی جیاوازی ئەو ڕەگەزانەی کە لێیانەوە پێکهاتووە دەگۆڕێن کە هونەرمەند بە گوزارشتێکی پەیوەیست بە توانا هونەرییەکەی گوزارشتی لێدەکات، بە تایبەت گڵینەکار لە دۆزینەوەی خاسیەتە هونەرییەکان چ لە شێوە نەریتییەکان یان سرووشتییەکان و پاشان دەرخستنی بە شێوەیەك کە پەیوەندی لە نێوان بەشەکانی شێوە و ناوەڕۆکی کاری هونەری دروست بکات بە شێوەیەکی گۆڕاوی نوێ کە وای لە گڵینەکاری کرد وەك هونەرێکی ڕاستەقینە دانەخراو بە رووی لایەنی پیشەیی گەشە بکات.

یەکیك لە تایبەتمەندیەکانی خەزەف "بەرهەمێکی جوانی سروشتە، پلە بەپلە پێشکەوتووە لە تەکنیك و جوانی دەربڕین شێوازەکانی بەرهەمە خەزەفیەکان دەوشانەوەیەکی بریسکە دانی نایابی هەیە مرۆڤەکان بۆ لایەنی جوانکاری و رازانەوە بەکاری دەهێنن" (البدری،2002: 15). تەکنیك بە شێوەیەکی گشتی ڕۆڵێکی سەرەکی لە ژیانی تاکەکان و کۆمەڵگاکاندا هەیە و یارمەتیدەرە لە کێشانی وێنەی تێگەیشتنەکانی مرۆڤ لەبارەی گەردوون و ئەو جیهانەی کە تێیدا دەژی و لە دەروونی مرۆڤدا هۆشیاری و ئەزموون دەچێنێت، چونکە تەکنیك ئامرازی بیرکردنەوەی مرۆڤە لە گەشەکردن و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەرەسەندن. لە کاری هونەریدا "دەبی سێ ڕەگەزی گرنگ بەردەست بن کە مادده و وێنە (بابەتی زوو تێگەیشتن لە جوانکاری) و گوزارشت، چونکە کاری هونەری بە سیفەتی خۆی بابەتێکی هەستەکییە و بە خۆگرتن و گونجان وەسف دەکرێت و هەروەها یەکێتی یان نیشانەی ناوەکی، چونکە یەکێتی مادده پێکهاتە شوێنییەکەیەتی، بەڵام یەکێتی ناوەکی پێکهاتە بەردەوامە زیندووەکەیەتی بە سیفەتی ئەوەی کارێکی مرۆڤانەی ئازادە" ( اوزیاس،1983: 158).

"ئادۆرنۆ باوەڕی وایە بەرهەمی هونەری لە جیاتی ئەوەی بە کاڵا بکرێت پێویستە وەك بوونێکی سەربەخۆ بپارێزرێت، پەیوەندی نێوان هونەر و کۆمەڵگا بەجۆریکە کە هونەر وەك یەکەیەکی سەربەخۆ لەبنەڕەتدا دژایەتیلەگەل کۆمەڵگا هەیە، لە هەوڵی ئەوەدایە سەربەخۆی خۆی بپاریزێت، بەو بارودۆخەشەوە بەرهەمی هونەری لە کۆمەڵگاو دەوروبەری بەتەواوەتی دابڕاو نیە"(Fianco,F:p3_4). واتا بەم شێوەیە هونەر بەووتەی ئادۆرنۆ جۆریکە لە زانست کە ماتریاڵ و شێوەی لە واقیعی دەوروبەری وەردەگرێت.

بەم پێیەبێت لە کۆتاییدا بەوە گەیشتین، کاتێك کە تەکنیك بەشێکی گرنگ بوو لە بونیادی دەسکەوتی هونەری، بە تایبەتی لە بواری گڵێنەکاری، گۆڕانکاریی هەبوو لە ئاستی پێکهاتە و جێبەجێکردن و ئەو گۆڕانکارییەش لە ئەنجامی پێشکەوتنە زانستییەکان بوو لە بواری هونەری گڵێنەکاری، چونکە تەکنیکەکان ڕۆڵی فیکری و ڕەمزی و گوزارشتیان لە دەرخستنی لایەنی جوانکاریی مادەکە هەبووە، کە وایکرد گڵێنەکار ڕێگای نوێی داهێنا بۆ شێوە و ڕەنگ و ڕووی دەستلێدان و خودی تەکنیکەکە بە جۆرێك کە چارەسەری هونەری بەکارهێنا بە شێوەیەك کە لەگەڵ ڕۆحی سەردەمەکەدا بگونجێت، گڵێنەکار گڵێنەکاریی لە لایەنی پیشەیی جیاکردەوە و بیرۆکەی نوێی گوزارشتکردن لە بەها جوانکارییەکان داهێنا لە ڕێگای تایبەتمەندکردنی تەکنیکەکان بۆ هەموو کار و مادده بەکارهاتووەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆری:

1_ لە بواری دەروونناسیدا، ئیدراک پرۆسەیەکی زەینییە .

2_ درککردن قۆناغی دووەمی ئاگاییە لە دیالەکتیکی هێگڵ دا.

3_ ڕێبازی هەستەکی وایدەبینێت کە درککردنی مرۆڤ بە شتەکان دەوەستێتە سەر ئەزموون و هەستکردن.

4_ دیکارت دەڵێت: "عەقڵ دادپەروەرانەترین شتە کە بەسەر خەڵکدا دابەش کرابێ، "من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم".

5_ دوای ئیدراکی هەستی، عەقڵ هێزیکی گۆڕاوە بەسەر بەڵگە هەستیەکاندا.

6_ درککاریی دەرەنجامی پەروەردەکردنێکی دووروودرێژە کە تیایدا ئەزموون لەگەڵ ئەعڵ و کومەڵگەی تاکدا بەشداری تیادا دەکات.

7_ جوانی لە سروشتدا درکی پێدەکرێت، وەك چۆن لە هونەردا درکی پێدەکرێت.

٨_ سۆقرات بۆ پێناسەی جوانی دەڵێت: جوانی ئاوەڵناوێکە بۆ کردارێکی دارێژراوی چاکە.

٩_ مارکس جوانی لە ماتریالیزمی ئابوریدا کۆکردووەتەوە کە لە ڕووی ناوەرۆکەوە بنچینەیە بۆ جوانی، بوونێکی بابەتییە نەك خودی.

١٠_ کانت جوانیناسی بە حوکمێکی خەملێنراوی تایبەت بە جوانی لێکدایەوە، دەشێت بابەتگەرایی بێت.

١١_ هیگڵ جوانی بەستەوە بە ئایدیا یان ڕاستی ڕەها لە ئایین و فەلسەفەی نزیك کردەوە. وابەستەی خودگەرایی دەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١٢_ هونەری خەزەف گوزارشتە لە جوانی و تایبەتمەندی شارستانیەتەکان.

١٣_ یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی خەزەف بوونی وێنە و نەخشونیگارە لەسەری.

١٤_ لە سەرەتاکانی سەدەی (20)دا زۆربەی کارە خەزەفیەکان بەشێك بوون لە جوانکاری.

١٥_ هونەری خەزەف لە رووی شێوازەوە گرینگی زۆر دەدات بە لایەنی پێشکەوتنی تەکنیکی کارەکە کە ڕووە جوانییەکەیەتی.

١٦_ لە کاری هونەریدا دەبێ سێ ڕەگەزی گرنگ بەردەست بن کە ئەمانیش بریتین لە مادده، وێنە و جوانی.

## بەشی سێهەم: میتۆد و جیبەجێ کردنی شیکاری توێژینەوە:

### یەکەم: کومەڵگای توێژینەوە:

لە ئەنجامی گەڕان و بەدواداچوون و ووردبوونەوە لەشاکارە سیرامیکیەکانی پەیوەندیان بە بابەتی توێژینەوەکە هەبوو گەیشتین بەو ئەنجامەی ژمارەیەك لەو کارانەی سوودییان هەیە بۆ توێژینەوەکەمان دەستنیشانی بکەین، لە دیارترین کارە سیرامیکیەکانی هونەرمەند( دانا سەڵاحەدین شەریف)، کە دەکەوێتە نێوان ساڵەکانی(2017_2019)، کەمی هونەرمەندی سیرامیك و هەروەها کەمی ئەم شێوازە کارکردنە لە نێو هونەرمەندانی کورد، وایکردوە کارەکە سەخت بێت.

### دووەم: میتودی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەدا میتۆدی(وەسفی شیکاری)، بۆ شیکردنەوەی نموونەکان بەکارهاتووە، بەهۆی گونجانی تایبەتمەندییەکانی ئەم میتۆدە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە و ئامانجەکانیدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**سێهەم: نموونەی توێژینەوە:**

بژاردەی توێژینەوەکە بە شێوەکی (مەبستدار) دیاریکراوە، بە جۆرێك لەگەڵ پێوەر و ئاماژەکانی چوارچێوە تیۆریەکە بگونجێت، هەروەها لەگەڵ ئامانجی توێژەر گونجاوبێت، هاوشان بێت لەگەڵ تایبەتمەنییەکان و خەسڵەتەکانی کومەڵگەی بنەرەتی تویژینەوەکە هاوئانگ بن، و بایەخدان بەماوە و کات لە نێوان کارەکاندا بۆ پولێنکردنیان، بژاردەی توێژینەوەکە (3) بەرهەمی هونەرین.

هۆکاری هەڵبژاردن :_

1_ نوینەرایەتی کۆمەڵگی توێژینەوەکە دەکەن.

2_ کاری هونەرمەندانی دیار و ناسراوی گۆڕەپانی هونەرین.

3_ کارەکان جیاوازن لە رووی سیما و شێوازی تەکنیکی کارکردن.

4_ نموونەکان یارمەتیدەرن بۆ توێژەر، تا تایبەتمەندییەکانی هونەری سیرامیك بخاتەڕوو.

**چوارەم: ئامرازەکانی توێژینەوە:**

بۆ گەیشتنە ئامانجی توێژینەوەکە و دەرخستنی تایبەتمەندیەکان و تەکنیکی سیرامیك، توێژینەوە پشت دەبەستێ بەو پێوەر و ئاماژانەی لە نێو کۆی چوارچێوەی تیۆریەکە پێیگەیشتووە، بەو وەسفەی ئامرازێ بن بۆ توێژینەوەکە بۆ وەسفکردنی بەرهەمەکان پشت بە میتۆدی وەسفیی شیکاری بەستراوە، لەسەر ئەم بنەمایانە رێکخراوە: (چاوپێخشاندن، سیستەمی داڕشتن، تەکنیکی خستنە روو، ناوەرۆك، ڕێباز و شێواز).

**شیکردنەوەی بژاردەکان:**

**بژاردەی (1)**

**هونەرمەند:** دانا سەڵاحەدین شەریف

**ناوی کارەکە:** گۆشەکانی ژیان



**بەرواری کارەکە:** 2018

**پێوانە:** 3 گەورەکە (25)سم

(3) بچووکەکە (15)سم

**ماتریاڵ:** قوڕی سووری کەرکووك (تەکنێکی سەگەر) .

**شوێنی کارەکە:** کوردستان (هەولیر).

## چاوپێخشاندن:

شێوازی کارەکە بە تەکنیکی (سەگەر) ئەنجامدراوە، لە قوڕی سووری کەرکووك دروستکراوە بە شێوازی قاڵبکردن، ڕەنگەکانی بە ئۆکسیدی کاربۆنات شوشەکراوە.

کۆ بنیادی کارەکە بەشێوەی گشتی (6) پارچەیە، شێوەی ئەندازەییە وەك شێوەی یاقوت وایە، بنکەی کارەکە شەش پاڵوە، واتا لە شەش لا پێکهاتووە وەك شێوەی هەڕەمەکان، سەرەوەی کارەکە قوچەکی بارزی هەیە، دوو لە پارچەکان ڕەنگی سوورێکی نارنجی باوە کە خەتی دەماری ڕەشیان تێدایە وەك بەردی مەڕمەڕ وان، (4) لە پارچەکانی تر ڕەنگیان ڕەساسی زاڵە، بەڵام ڕەنگی شینەکی ڕەشباوە، سەوزێکی تۆخی تێدایە، (2) لەمانە شێوەکانیان جیاوازترە لەوانەی تر کە بچووکترین، (دانەی شەشەم) ڕەنگی تۆخ دەدات، ڕەش و قاوەیی لەسەر ڕەنگی ڕەساسی پلە بەندی کراوە لە ڕەنگەکان و قەبارەدا.

لە مامەڵەکردنی هونەرمەند لەگەڵ قوڕەکە و ڕەنگەکان، هەست بە گەمەیەکی تەکنیکی هەمە چەشنی زیندووی ناخی هونەرمەند دەکەین، ئەو توانیویەتی درك بە لایەنی جوانی و لاینە ئاڵۆزییەکانی ژیان بکات لە گۆشەنیگای ئەم کارەشەوە ئامانجی نیشاندانی جوانی ژیانە، تا ببێتە هۆی ئەوەی کەسەکان درك بە جوانییەکەی بکەن، هەرچەندە ئاڵۆزیش بێت ژیان، بەڵام هەر دەتوانی لە گۆشەیەکدا درك بە جوانی بکەین، لەم کارەدا توانراوە ئەم ئاڵۆزیە جوانە لە شێوەکاندا بگونجێنێ،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هونەرمەند وزەی ناوەوەی کارەکانی هەژاندووە، توانیویەتی جوانترین و نایابترین شێوازی تەکنیکی بەکارهێناوە لەم کارەدا چارەسەری هەموو کێشە و گرفتەکان بکات و کوتلەکان لە رۆبەرێك بگونجێنێ و شێوەیەکی رێك بەدیاربخات، رەنگەکانیش لە تۆنەکانیاندا بە شێوەیەکی هارمونی بگونجێنی لە رەنگی تۆخەوە بۆ کاڵ، واتە لە گەرمەوە بۆ سارد چووە، تا چاوەکان بێزارنەبن لەسەیرکرندا.

درێژی رەنگی سوور لە نێوان (625 بۆ 760) نانۆمەترە، شین رەنگێکی ئارام و بێ دەنگە، بەمە دەڵێن زمانی نوێی ئاخاوتن، هونەری سیرامیکە کە ئەم کوتلانە لەسەر هەست و روح دروستکروان گوزارشتە لە درککردنی لاینە جوانییەکانی ژیان بە هەموو هەوراز و نشێوەکانی.

**بژاردەی (2)**



**هونەرمەند:** دانا سەڵاحەدین شەریف

**ناوی کار:** بیابان

**بەرواری کار:** 2017

**پێوانە:** 60سم

**ماتریاڵ:** مەڕمەڕ

**شوێنی کار:** کوردستان (هەولێر)

**چاوپێخشاندن:**

ئەم کارە لە مەڕمەڕ دروستکراوە بە شێوازی هەڵکوڵین کاری تێداکراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


ڕەنگەکان کاریگەری و مانایی جیاوازیان هەیە لەسەر مرۆڤەکان، هەر ڕەنگەو ماناییەك لە خۆی هەلدەگرێت لە ڕێگای ئەم ڕەنگەوە درك بە ناخی بەرامبەر دەکەین، بۆ نموونە لە ڕێگایی ڕەنگی سپیەوە درك بە ئاشتی و پاکی و بێتاوانی دەکەین، بەڵام لای هەندیك هۆز مانایی مردنە، هەروەها ڕەنگی خولەمیشی لەم کارە هەییە ئەم ڕەنگە مانایی ناخوشی و تەنهایی دەدات، هبە هۆی ڕەنگی ڕەشەوە درك بە زۆر شتدەکەین وەك نیشاندانی هێزە، بەڵام لە زۆربەی کلتورەکان بۆ دەربڕینی خەمۆکیە.

کۆ بینایادی کارەکە برتییە لە جەستەیکی مردوو لە کفن پێچراو، چەن بەرزیی و نزمیەك بەدی دەکەین لەم کارەدا، بەرزییەك بوونی هەیە ئەویش وەك بڵی قاچەکانی مرۆڤەکە بێت بەڵام بە شێوەکی نەرم و بازنییەیی کردۆییەتی جوڵانەوەیەکی بە کارەکە داوە هونەرمەند ئامانجی ئەوەیە بەرامبەر درك بە جووڵانەوی ژیان بکەن، چونکە جووڵانەوە ژیان دێنێتە کایی و دەریشی دەبڕێ هەروەها بەردەوام بوونیشە بۆی، لەڕاستیدا بێ ئەوەی بینەر هەستی پێ بکا چاو لەگەڵ هێڵەکەدا دەگەرێ و پەیوەندییەکان دەدۆزیتەوە درك بە هەستەکان دەکات لە ڕێگایی ڕامانی چاو عەقڵ، هەروەك ئەو هێڵە تەواوەی کە شێوەی نێوە مانگە بۆ ناو قەدی مرۆڤەکە چۆتەوە ناوی، ئەم هێڵە وامان لێی دەکات درك بە بێ تاقەتی و سرەوتن و ساردو سڕیمان وەبەربێنێ، وەکو بڵی مردووبێ،هەرگیز ناتوانرێ ببزوێنرێ، لێردا درك بە ووشکی بیابان دەین کە مرۆڤەکان ناتوانین لەم شوێنە بژین کە بوونی ژیانی تێدانەبێ، سەری مرۆڤەکە بۆ خوارەوەیە واتا گەڕانەوەی کەسەکان بۆ ناو خاك، شێوەیەکی لاکیشە بوونی هەییە کە مردووەکەی لەسەر درێژکراوە، لاکێشە دوو لای هاوتەریب نین، بەڵام گۆشە راستەکانی یەکسانینە لیردا درك بە چاکەو خراپەی مردوو دەکەین، کە چ کارێکی باش و یەکسانی جێهشتووە وە چ کاڕیکی نا هاوسەنگی کردووە.

**بژاردەی (3)**

**هونەرمەند:** دانا سەڵاحەدین شەریف

**ناوی کار:** بڕبڕە



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**بەرواری کار:** 2019

**پێوانە:** 40سم

**ماتریاڵ:** قوری

**شوێنی کار:** کوردستان (هەولێر)

**چاوپێخشاندن:**

ئەم کارە لە قور دورستکراوە، پێکهاتەیی شوشەکە لە چەند ئوکسیدیکە کە هونەرمەند خۆی تێکەڵی کردوون بە شێوەکی ئامادەکراو.

ڕەنگەکان ڕۆڵێکی مەزن دەبینن لە تێڕوانینی ئێمە ئارامی و ناخوشی لە ڕەنگەکانەوە درك بە هەستی کەسایەتیی بەرامبەر دەکەین، بۆ نموونە لەم کارەدا ڕەنگی پرتەقەڵی بەکار هاتووە کە نیشانەی ئازایەتی و نەبەردییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی پیشەگەریکی بەناوبانگی وێنەکێشانەوە کراوە، هەتا گەورە ببین، کەمتر حەز بەڕەنگی پرتەقاڵی دەکەین، هەروەها بەکارهێنانی ئەم ڕەنگە لە لایەن تاکەوە لەوانەیە هەست بەخەمۆکی بکات و چێژ لەژیان وەرنەگرێت بۆیە بەکارهێنانی ئەم ڕەنگە یارمەتیدەرە بۆ ڕزگاربوون لەو هەستە، ڕەنگی سور لەم کارە بەکار هاتووە ئەم رەنگە هەڵگریی کومەڵی سمبوڵ و هیمایە وا لە کەسەکان دەکات درك بە ناخی بەرمبەر بکەن، ڕەنگی سور دەکرێت بە مانای مەترسیدار هەروەها بە مانای خوشەویستییش بێت، لە هەندیك کومەڵگە بە مانای بەختی باش دێت، ڕەنگی سوور گەرمی و وزەو ئاواتی تێدایە، ڕەنگی سوور ڕەنگی شەراب و ڕەنگی پارچەیەك گویشتی خوێناوییە، تێکەڵ بە ڕەنگی پرتەقاڵییە ئەم ڕەنگە، ڕەنگی خۆرئاوابوون و خۆرهەڵاتنە، ئەو کاتانەی مرۆڤەکان تورەن درك بە ڕەنگی سوور دەکەن  و دبینین، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەم ڕەنگە چیژوو خوشیشە، ڕەنگەکان دەکریت وەکو هێما بەکاربهێنرێت.

هونەرمەند بۆ خستنەڕووی کارە بەدیهاتووەکەی پیشتبەستە بە تەکنیکی هاوسەنگیەکی تەواوی بە دیهێناوە لە نێوان هەر دوو پارچەکەدا، ئەم بەها تەکنیکیەی لە خستنەڕووی کارەکەدایە وایکردووە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توانا جوانییەکان و ئەو تەکنیکە هاوچەرخە دەقە بینراوەکەی پێ فۆرمەڵەکراوە هاویەك وگونجاو بە یەکتربن، گەر بە ووردی سەرنج لە کارەکە بدەین هوەنرمەند ئامانجی ئەوەیە کەسەکان درك بە بەهێزی حۆیان بکەن لە بەرامبەر یەکتردا، چونکە دوو بڕبرە بەرامبەر یەکین واتا بوونی دوو مرۆڤ نیشاندەدات بەهەمان ئاستو پێوانە واتا مرۆڤەکان دەبی هەست بەوە بکەن لە هێزو توانای جەستەی وەك یەکین گەر باوەریان بە خودی خویان هەبێت، بە شێوازەکی تر دەتوانین بڵێن دوو هاوڕێن بەیەکەوە کێشەکانان چارەسەردەکەن، دەوەستنەوە بەرامبەر هەموو شتێك چونکە ئەوان دوو هێزن، یاخود دەوتانین بە منداڵ و باوك یان دایك نیشانی بدەین کە ئەو کورپەلەییە لە روحمی ئەم دایکە گەورە بووە لە بڕبڕەکانی ئەو خواردنی ژیانی وەر گرتەوە، بۆیەکاتێك گەورە دەبێت یارمەتی دەری دەبێت، گەر سەیری بکەن پەڵەی سور دەبینین وەك برێن وایە ئەمەش وەك بڵی کاتیك داك و باوك برێندار دەبن بەهۆکاری منداڵەکەیانەوە وە کاتێکیش منداڵەکە گەورە دەبێت ئەو خۆی دەخاتە بەر ناخوشییەکانی ژیان، لیرەدا پیویستە دڕك بەو هەستانە بکەین کە دایك و باوك دێچژێن، هونەرمەند هەر دوو بڕبرەکەی لەسەر هێلکی ستونی داناوە، ئەمەش واتا هەستی هێزی هەڵکشاومان دەداتی و وامان لی دەکا هەست بە هەمان ئەو ژیان و نەش و نمایە بکەین کە لە ڕووەکدا دەبینین و هەست بەسەرکەشیەك دەکەین، لاکێشەکی تەختی ڕەنگ ڕەش بوونی هەییە، لە ڕێگایی ئەم ڕەنگەوە دڕك بە هەستی ئەم کارەدەکەین، ڕەنگی ڕەش هێز نیشاندەدا کەواتە دڕك بە بەهێزی بڕبرەی پێشتدەکەین.

## بەشی چوارەم: ئەنجام

لەمایانەی بژاردەی توێژنەوەکەدا توێژەر توانی لە ڕێگای وەسفی شیکاری بە چەند ئەنجامێك بگات.

1- لەبژاردەی (1) گوشەکانی ژیان، بینەر دەتوانی لە ڕێی ڕوانینی سادە و سەرەتاییەوە درک بەوە بکا کە کارەکە لەبارەی ژیانەوەیە، بەڵام کە پتر لێی ورددەبێتەوە درک بەوە دەکا کە پرسەکە قوڵترە و دڕك بە لایەنی جوانی و لاینە ئاڵۆزییەکانی ژیان دەکا، لە گوشەنیگای ئەم کارەوە دڕك بە جوانی و ڕەنگەکانی ژیان دەکات.

2- لە بژاردەی گوشەکانی ژیاندا، هونەرمەند بەو پەڕی بوێرییەوە ڕەنگی ساردو گەرمی بە ئازادیکی ڕەها لە کارەکەی بەکارهێناوە، بەگشی ئەمانەش بۆ هاوسەنگی و ریتمی ڕەنگی پەنایی بردۆتە بەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەنگە دژبەیەكەكان، یاخود هێزی تۆنە ڕووناك و تاریكەكان. لە پاڵ یەكتریدا هێزیكی ریتمیان بەدیهێناوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزو خێرای هونەرمەند لەكاتی بەكارهینانی ئەم ڕەنگانە، وە كونترۆلكردنی تەواوی پلەی گەرمی ڕەنگەكان.

3_ هونەرمەند بۆ بەدیهێنانی ویستی جوان و درككردن لە رووكەشی شاكارە سیرامیكیەكە پەنای بردۆتە بەربەكارهێنانی ماتێریاڵی جیاواز لە فورمە هونەرییەكاندا و بەكارهێنانی ڕاستەوخۆی توخمە سروشتییەكان وەك(مەرمەڕ)، بەكارهینانی ئەم ماتێریاڵە لەلایەن هونەرمەند بۆ بەدیهێنانی ڕووكارێكی جیاواز لە خزمەت دەربڕینی هەست و سوزی هونەرمەند، هەنیكجاریش ماتێریاڵی جیاواز دەتوانی زمان حاڵی بیرۆكەكەبێت لەلایەن هونەرمەندەوە كە كارە كونسیپتەكەی لەسەر دامەزراندوە.وەك بژاردەی بیابان نمونەی(2).

4_ لە بژاردەی بیاباندا، ڕۆڵی هێڵ دەبینن بینەر دەتوانی لە ریگای ئەم هێڵانەوە درك بە بێ تاقەتی و سرەوتن و ساردو سڕیمان بكات، وەكو بڵی بەرامبەر داتەپی بێت و مردووبێ، هەرگیز ناتوانرێ ببزوێنرێ، لێردا درك بە ووشكی بیابان دەین كە مرۆڤەكان ناتوانین لەم شوێنە بژین كە بوونی ژیانی تێدانەبێ.

5_ لە كاری بیاباندا مامەڵەی وردی لەگەڵ ماتێرلەكەكراوە، چونكە مەڕمەر ماترياڵێكی ڕەقە و بەهێزە بۆ كاری سیرامیك ماتێریاڵێكی ئاسان نییە زوو خۆی نادات بەدەستەوە، ئەمەش هۆكارێكە بۆ ئەوی بەرامبەر هەست بە ووشكی و ناخۆی بیابان بكەن.

6_ هونەرمەند بۆ دەربرینی ونیشاندانی چركەساتی هەڵچوون و تووربوونە خودییەكانی وە دەرخستنەڕووی وزەی هونەری سیرامیكی هاوچەرخ، شوێنەواری شكان و لابردنی بەشێك لەكارەكانیان، لەشكان و لابردنی بەشێك و شواندنی فۆرمەكە هەست بە (هێزی، بویری، خێرای) ،ئەمانە بونتە هۆی ئەداكردنی تەكنیكیكی هونەری زیندو وزەیەكی سەربەست دەبەخشیتە كارەهونەرییەكان، وەك بژاردەی (3) بڕبرە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

7_ هونەرمەند پەنایی بردۆتە بەر تەکنیگکەلێکی جیاواز لە پێناو بەدیهێنانی ڕووێك کە نمایشی وزە ناوەکییەکان هاوسەنگی بکات، بینەر لە ڕێی ئەمەوە دڕك بە هاوسەنگی بکات، وەك لە بژاردەی (3)، بینەر دڕك بەو هەستە بکات کە بەرامبەر دێچێژێت.

## دەرئەنجام:

1_سیرامیکی هاوچەرخی کوردی، کلتوور و پیشکەوتنی هونەری ئەوروپی و جیهانی بەگشتی فەراموش نەکردووە، فورەمە تێکلکیشەکان و هەرەمەکیەکان و شێوێنراوەکانی جیهانی سەرنجی بەلای خۆیاندا ڕاکیشاون، هەر ئەوەش وایکردووە هونەری کوردی پێشکەوتنیك بەحۆییەوە ببینی.
2_ باڵادەستکردنی هونەرمەند خودی خۆی لە بەدیهێنانی فۆرمەلکردنی شێوە هونەرییەکان بەدیدەکرێت، بە جۆرێك هونەرمەندی کوردی هەولی داوە دوورکەوێتەوە لە دەقاو دەقی نەریتە ئەکادیمییەکان بەشێوازیکی سەربەستانە کاردەکەن بنەما توێکارییەکانیان فەرامۆشکردووە بەشێوەیەکی مەبەستدارێتی، بەشێوەیەکی ویستە خودییەکان یاریان بە ڕێژەگەراییی جوانی بابەتەکەکردووە یاخود زایادەڕەییان تێداکردووە، بەگیشتی لەپێناو بەدەستکەوتنی سیما و فۆرمێکی جیاوز لە هونەری سیرامیکی هاوچەرخدا.

**دووەم: لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم: فەرهەنگەکان:**

**1**_ بۆکانی، سابیر بەکر مستەفا (2020)، ئینسایکلۆپیدیای زانستە دەروونییەکان، کوردی، عربی، ئینگلیزی، چاپخانەی، چوارچرا، سلیمانی.

2_ ابو غازی، بدر الدين (1980)، معجم الفاظ الحضارة و مصطلحات الفنون، دار الكتاب، القاهرة.

3_ صليبا، جميل (1982)، المعجم الفلسفي بالألفاظ العربية والفرنسية والإنجليزية واللاتينية، ج2، دار الكتاب اللبنان، بيروت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم: سەرچاوەی کوردی:**

4_ بدوي، عبدالرحمان (2020)، فەلسەفەی یاساو سیاسەت لای کانت، وەرگیرانی، سامان عەلی، چاپخانەی، تاران.

5_ واتکینس، جەیمس س، پول ئەندریووادلیس (2018)، جێگرەوەی کووره و تەکنیکی جۆشدان، وەرگیرانی، مەریوان جەلال.

6_ مەتەر، ئەمیرە حیلمی (2019)، فەلسەفەی جوانی، وەرگیرانی، رەمەزان حەمەدەمین،چاپخانەی، چوارچرا.

7_ میراودەلی، کەمال (2021)، فەلسەفەی جوانی و هونەر_ ئیستاتیکا، چاپخانەی،مێخەك.

8_ قوباد، سەنگەر (2019)، هونەر و هونەرەکانی هونەر،چاپخانەی، تاران.

9_ شەکشەك، ئەنەس (2012)، دەروونناسیی گیشتی، وەرگیرانی، سەلاح سەعدی، چاپخانەی، نارین.

10_ عەزیز، حەمید (2014)، بنەڕەتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، چاپخانەی، رۆژهەڵات، هەولێر.

11_ عەزیز، کارزان (2016)، دەروازەیەك بۆ فینۆمینۆلۆژیای ڕۆحی هێگڵ، چاپخانەی، تاران.

**دووەم: سەرچاوەی عربی:**

12_ القليسي، ناهض عبدالزاق (2001)، الفخار والخزف, الاردن، دار امناهج .

13_ البدري، علي حيدر صالح (2002)، التقنيات العلمية لفن الخزف، الأردن .

14_ البهنسي,عفيف(2004)، علم الجمال,دمشق: مطبعةالعجلوني.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

15_ اوزياس، جان ماري (1983)، الفلسفة والتقنيات، ترجمة، عادل العوا، منشورات عويدات، بيروت.

16_ بالاشوف (1968)، الجمال في تفسير الماركس ، ترجمة، يوسف حلاق، دار النشر، دمشق.

17_ أ.س.راپوپرت(2005)، مبادئ الفلسفه، ترجمة، احمد امين، دار الكتب العلميه، ط1، لبنان، بيروت.

18_ حافظ، نبيل عبد الفتاح (1998)، صعوبات التعلم والتعليم العلاجي، ط2، مكتبة الزهراء، القاهرة.

19_ ستولنيتز, جيرم (2007)، النقد الفنى, ترجمة, فؤاد زكريا, دار الوفاء لدنيا، ط1، الاسكندرية.

20_ السيد، محمدالسيد (ب،ت)، تقنيات الخزف، المصر.

21_ سانتيانا، جورج (2001)، الاحسل س بالجمال, ترجمة محمد مصطفي, مكتبة الانجلو المصرية، مصر.

22_ شيرازى، صدرالدين (1981)، الحكمة المتعالية في الاسفار العقلية الاربعة، دار الاحياء التراث العربي، بيروت.

23_ صاحب، زهير (2006)، الفن والجمال، عمان، دار النشر، مجدلاوى.

24_ مطر، أميرة حلمي (2013)، مدخل إلى علم الحمال وفلسفة الفن، دار التنوير، القاهرة.

25_ لنتون، رالف (2001)، شجرة الخضارة، ترجمة، أحمد فخرى، القاهرة.

**سێهەم: سەرچاوەی فارسی:**

26_ ايروانى، محمود، خداپناهى، و محمد کەريم (1379)، روانشناسى احساس وادراك، تهران.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**چوارەم: سەرچاوەی ئینگلیزی:**

27_ BUTIER, Christopher,(2002), Postmodernism, published in Unitedstates, New York.

28_ FIANCO, F, Art and Society in Theodor Adorno,s aesthetis Theory, Universidade de passo Fuddo.

29_ JEAN, L, (1986), Lidee de beau, Paris.

30_ LOCKE, J, (2001), An Essay Concerning human understanding, Abridged and edited by John, w, Yolton, Orion, publishing group, London.

**چوارەم: نامەو تێزە زانکۆیەکان ( توێژینەوەکان)**

31_ الكناني، ماجد نافع (1998)، بناء نظام تعليمي لتطوير الادراك الحسي في مادة المنظور، اطروحة دكتوراه (بحث غير منشور)، جامعة بغداد.

**پێنجەم: گۆڤاری زانستی.**

32_ نفل، سجى رسول(2012) تنوع استعارات الخزف العراقي المعاصر_سعدشاكرانموذجاً, الاكاديمي، العدد63، كليةفنون جميلة جامعة بغداد.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Perception of Aesthetics in Contemporary Ceramic Art

## ((The works of artist Dana Salahuddin al-Sharif as an example))

**Gzng Mohammed Abdulwahid**
Department of Plastic Arts _ Ceramic, College of Fine Arts, Salahaddin University _ Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Gizigmh@gmail.com

**Dr. Sangar Qader Shekhmohammad Haji**
Department of Kurdish Language, College of Languages, Salahaddin University _ Erbil, Kurdistan Region, Iraq
asangar.shekhmohammad@su.edu.krd

**Keywords**: *(Perception, Aesthetics, Art, Contemporary, Ceramic).*

## Abstract:

This research entitled "Perception of Aesthetics in Contemporary Ceramic Art" ((The works of artist Dana Salahuddin al-Sharif as an example)) is an attempt to explain and demonstrate the aesthetic perception of the works of artist Dana Salah al-Din. Great attention has been given to the perception of the beauty of artistic and literary works. To be more familiar with and feel these concepts of the artworks of Kurdish artists. We are trying to answer several questions related to this topic, such as: Is it possible for a person to feel the beauty of artistic works through perception? Do contemporary ceramics artworks show a perception of beauty? There is no doubt that perception and beauty have a huge role in the development of artistic works, especially ceramic art. Through perception, some artists have been able to express their surroundings through their artworks, this motivated them to perform beautiful and great work in their artistic lives.

The research is classified into four parts, the first part describes the general frame of the research and is devoted to, the first: the research problems, second: the research importance, third: the research objectives, fourth: research limits, fifth: research path, sixth. Definitions of the terms.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

The second part is devoted to the theoretical framework of the research, this research includes four axes, first: the theme of the relationship between perception and mind, second: the relationship between perception and beauty, third: the beauty between selfishness and objectivity. And the fourth: the characteristics of understanding aesthetic techniques in ceramic art.

The third part of the research consists of: (Analysis of options), and the fourth part is about the results and sources.

The third part of the study consists of: (Options Analysis), and the fourth part describes the results and sources.

## ملخص

يحمل هذا البحث عنوان "ادراك الجمالية في فن السيراميك المعاصر"،((أعمال دانا صلاح الدين شريف الفنية نموذجا)). من خلال ادراك الاعمال الذي ابتكرته الفنان (دانا صلاح الدين شريف). لقد حظيت فكرة إظهار الجمال في الفن والأدب بالكثير من الاهتمام، للتعرف على هذه الأمور والتعرف، وليس في العمل الفني للفنانين الكرد، نحاول الإجابة على بعض الأسئلة خاصة بهذا الموضوع: هل يمكن للمرء أن يفهم مدى جمال العمل الفني للفن؟ هل يظهر العمل الفني سراميك ادراك بالجمال؟

بالطبع ترى جانب الفهم والجمال دورا كبيرا في تطوير الأعمال الفنية وخاصة الفن السيراميكي واستطاع الفنانين التعبير عنه من خلال التعرف على الأشياء من حولهم. كان هذا دافعا لتقديم عمل جميل ورائع في حياتهم الفنية.

تم إجراء البحث في أربعة أجزاء ، الجزء الأول يدور حول السياق العام للبحث الذي تتم مناقشته ، الأول هو مشكلة البحث، والثاني هو اهمية البحث والثالث هو الغرض من البحث ، والرابع هو حدود البحث ، والخامس هي طريقة البحث، السادس: تعريف المصطلحات .أما الجزء الثاني فهو خاص بسياق نظرية البحث الذي يتضمن هذه الدراسة المكونة من أربعة أجزاء، الأول: موضوع العلاقة بين المشاعر والعقل، والثاني: العلاقة بين الرضا عن النفس والجمال، والثالث: الجمال بين الأنانية والذاتية، رابعا: تخصص الفهم الطبيعي للجمال في الفن السيراميكي.

أما الجزء الثالث من البحث فيعتمد على: (تحليل الخيارات)، والجزء الرابع للنتائج والنتائج والمصادر.

**الكلمات الدالة:** (الادراك، الجمال، الفن، المعاصر، السيراميك).